# سەنتەری شاری هەولێر سەرچاوەی زبڵو پاشەڕۆی چێشتخانەکانە



**لەپایتەختی هەرێمی کوردستان زبڵو خاشاک سیمای سەنتەری شاریان تێکداوە**

**فۆتۆ: ئالان**

■ **ئا: ئالان**

ماوەی ٣ساڵە خەڵکو دوکاندارەکانی بەر قەڵاتی هەولێر لە زبڵو پاشەڕۆی چێشتخانەکانی ئەو ناوە بێزار بوون، بەتایبەتی ئەو حاویانەی کە شارەوانی بەزۆر لەو شوێنەدا داینراون، دوای پڕبوونیشیان درەنگ لێیدەپرسێتەوە.

کاتێک حاویەکان پڕ دەبن، دیمەنێکی زۆر ناشیرینیان هەیە، بەشێکی پاشەڕۆکانیش لەو ناوە بەتەواوەتی بڵاودەبێتەوە. ئەو دیاردەیەش لەسەرەتای دوکانەکانی بازاڕی هەولێر دەستپێدەکات، تاوەکو دەگاتە بەرامبەر دەڵاڵخانە روخاوەکە.

دوکاندارێکی پۆشاک فرۆشتن، جیهاد ئەحمد بەبێزارییەوە لەحاویەکە دەڕوانێت کە بۆنو بەرامەی ناوچەکەی پڕ کردووە، ئەو دەڵێت "ئێمە چەندەها جار لایەنی پەیوەندیدارمان ئاگادارکردۆتەوە، رێگە چارەیەک بۆ ئەو دیاردە ناشیرینە بدۆزنەوە، بەڵام کاتێک شارەوانی ئاگادار دەکەیتەوە، دەڵێت ئەو کارە لە ئەستۆی کۆمپانیای جەنائینە، کە ئەویش ئاگادار دەکەیتەوە، مێش میوانی نییەو هەر گوێی پێنادات".

سامان مەحمود کە خاوەن دوکانی جوانکارییە لەو شەقامە دەڵێت "بەڕاستی نازانین گلەیی لەکێ بکەین، لەبەرئەوەی حکومەت لەوانەیە هەرئاگاشی لەو کێشەیە نەبێت، من خۆم تەلەفۆنم بۆ زۆر شوێنکرد بۆچارەسەری ئەو کێشەیە، بەڵام کەس بەهانامانەوە نەهات، من هاتوم لێرە کاربکەم نەوەک کێشە بۆخۆم دروست بکەم، ناوی ئەو شوێنانە نادەم، بەڵام داواکارم لە حکومەت خۆی ئەو کێشەیە چارەسەربکات". سامان لە درێژەی قسەکانیدا باس لەوەش دەکات کە ماوەیەک لەوەو بەر سەردانی شارەوانی کردووەو ئەوانیش چەند چاودێرێکیان ناردووەوو چێشتخانەکانیان ئاگادار کردووەتەوە، کە پاشەڕۆی چێشتخانەکانیان نەکەنە حاوییەکانەوە. بەڵام بێسوود بووە. عومەرعەلی کە خاوەن دوکانی پەڕاوگەیە لەو شوێنە پێیوابوو دروستبوونی ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ شارەوانی، بەتایبەت چاودێرانی شارەوانی، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەوان رێگە بە چێشتخانەکان نەدەن پاشماوەکانیان لەو شوێنە برێژن، ئەوا ئەو کێشەیەش دروست نابێت.

ئەحمەدحەمەئەمینی پۆشاک فرۆش سەرەڕای کێشەی حاوییەکان باسی لەوەش دەکرد کە بەردوکانەکانیان بووەتە پارکی وەستانی ئۆتۆمبیل، رۆژ تا ئێوارە ئۆتۆمبیل رایدەگرێو کەسیش لێیان ناپرسێتەوە، خۆ ئێمەش کاسبی دەکەین. زۆرجار کە کەرەستەمان بۆ دێت، بەهەزار تکاو رجا پۆلیسەکانی هاتوچۆ هاوکاریمان دەکەن، بەڵام هەندێ بەرپرس زۆر بە نارێکی ئۆتۆمبیلەکانیان رادەگرنو کەسیش لێیانناپرسێتەوە. ئەحمەد وتیشی "لەو کاتانە کە هیچ دەرهەقی ئۆتۆمبیلی بەرپرسەکان ناکرێت، نوکتەیەک باس دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە پۆلیسی هاتوچۆ دەست بەرزدەکاتەوە، دەڵێت بە خوای پێیان ناوێرین، زۆرجاریش هەبووەو بەچاوی خۆمان بینیومانە، کەوا ئەو پۆلیسانە کەوتوونەتە بەر رەحمەتی شەقی بەرپرسان".

حاتەم قادر ئەویش دوکانی جوانکاریی هەیە، ئاماژەی بەوەدا کە بۆ خۆی هیچ زبڵێکی نییە، بەڵام بەردەم دوکانەکەی بووەتە شوێنی برنجو فاسۆلیای رژاوی چێشتخانەکان، "من بە شارەوانی ئەڵێم گوناهم چییە"؟

کەسێکی تر بەناوی هاشم محەمەد سەبارەت بە بوونی ئەو حاویانە وتی "من زۆرجار تەماشا دەکەم، زۆرکەسی بێگانە بەو شوێنە تێپەڕ دەبێت، وێنەی ئەو حاویانە دەگرن، ئینجا وێنەی تر، وابزانم ئەوحاوییانە بەڕاستی حەیای حکومەتیان بردووە".

پاش گلەیی ئەو دوکاندارانە، هیچ کام لە خاوەنی چێشتخانەکان ئامادە نەبوون، لەو بارەیەوە بدوێن. دوای دەرکەوتنی ئەوەش کە کۆمپانیای جەنائین، هیچ دەستێکی نییە، لە خولقاندنی ئەو کێشەیە. وەک خۆیان ئاماژەیان پێدا کێشەکە لە لای شارەوانی یەکی هەولێرە. بۆ بەدواداچوونی ئەو گرفتە "بەڕێوەبەرەکەی شارەوانی، هەرکە زانی ئاوێنە هاتووە، بەبیانوی ئەوەی کەوا لەدەرەوەی ئەوبەڕێوەبەرایەتییەوە بانگکراوە، رۆیشت، بەڵام هەوڵماندا ژمارە تەلەفۆنەکەی وەرگرین بۆ ئەوەی لێدوان بدات، تێکرای کارمەندانی ئەو شوێنە وتیان ناوێرین ژمارەی بەڕێوەبەرت بدەینێ". دواتر یەکێک لەکارمەندەکان پاش ئەوەی تەلەفۆنی بۆکرد کە رەزامەندە تەلەفۆنەکەیمان بداتێ، بە تورەییەوە وتی نەخێر.

سەبارەت بەو کێشەیە، بەڕێوەبەری کارگێڕیی شارەوانی، سابیر نوری وتی "سەبارەت بەو زبڵو پاشماوانە ئێمە رۆژانە گرفتمان هەیە لە گەڵ کۆمپانیای جەنائین، دوێنێش هەرئەوەندەمابوو کەوا شەڕیان لەگەڵ بکەین، لەسەر پاکنەکردنەوەی ناو بازاڕ".

لەوەڵامی پرسیارێکی ئاوێنەدا، ئایا شارەوانی پێی باشە کەوا کەسێک لەو شوێنە دوکانی جلفرۆشی هەبێتو لەهەمان کاتیشدا لەبەردەم دوکانەکەیدا، زبلی چێشتخانەی لێبێت؟ سابیر وتی "دەتوانن تەلەفۆن بۆ پۆلیسی شارەوانی بکەن، بۆئەوی ئەو چێشتخانەیەی ئەو کارە دەکات دەستگیر بکرێت". بەڵام شارەوانی چاودێری هەیە، ئیتر بۆچی خەڵک پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکات؟

بەرپرسەکە لەو بارەیەوە دەڵێت "چاودێرانمان حەزیان لێنیە توشی کێشەی شەخسی بن، لەگەڵ ئەو کەسانەی کەوا سەرپێچی دەکەن".

خاوەن دوکاندارەکان گلەیی دەکەن کە موراقیبەکانی شارەوانی چاوپۆشی لە خاوەنی چێشتخانەکان دەکەن، لەبەر ئەوەی دەمیان چەور دەکرێت؟ بەرپرسەکە سەبارەت بە وڵامی ئەو پرسیارەش وتی "من ناڵێم کاری لەو جۆرە ناکرێت، زۆریش رودەدات، بەڵام هەرکاتێک ئێمە بزانین کەوا کاری لەو جۆرە لەدەست فلانە فەرمانبەر رویداوە، دەریدەکەین، کەسیشمان زۆر لەسەر ئەو شتانە دەرکردووە".

# ئابوریی کوردستان بەرەوپێش دەچێت لەکاتێکدا ئابوریی جیهان لەکێشەدایە

■ **ئا: ئاوێنە**

"گەر پارە زۆری نەبێت ئەو قەنەفانە عەیبی چییە؟ بۆ دەبێت بیفرۆشم؟". مستەفا رەسوڵ لەکاتی فرۆشتنی تاقم قەنەفە کۆنەکەی ماڵەکەی، بەو جۆرە قسەی بۆ دوکاندارێکی مەزادخانەی دارەسوتاوەکەی سلێمانی دەکرد.

مستەفا فەرمانبەرێکی حکومییە، بە وتەی خۆی لەساڵانی رابردوودا باری داراییان تاڕادەیەک خراپ بووە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەوەی خۆیو خێزانەکەی فەرمانبەرنو مانگانە موچەکەی هەردووکیان دەکاتە نزیکی ملیۆنێک دینار، تاڕادەیەکی باش باری داراییان بەرەوپێشچوە.

ئەو کاتێک بەدەستی راستی ئاماژەی بۆ ئەو تاقمە قەنەفانە دەکرد کە هەر ساڵێک لەمەوبەر کڕیبوی، بەڵام ئێستا لەسەر داوای خێزانەکەی هاتووە بفرۆشێتەوەو لەبری ئەوە تاقمێکی نوێی تورکیی دەکڕێت، ئەو دەڵێت "جاران خەڵکی خەمی نانیان هەبوو، بەڵام ئێستا تاڕادەیەک خەڵکی گوزەرانی باش بووە بیر لە جۆرە ژیانێکی باشتر دەکەنەوە".

محەمەد عەبدولمەجید دوکاندارێکی گوزەرەی مەزاتخانەکەی سلێمانی، باسی لەوە دەکرد کە لەدوای روخانی رژێمی سەدامەوە، بازاڕی فرۆشتنی کەلوپەلی کۆنی ماڵان زۆر بووە. ئەو وتی "زۆرێک لەو کەلوپەلانەی بۆمان دێت، کۆنە نین، بەڵکو تەنها مۆدێلەکانیان بەسەر چووە".

ئەو دوکاندارە باسی لەوەش کرد کە بوونی باڵەخانی بەرزو زۆربوونی سۆپەرمارکێتو قەرەباڵغی شەقامەکان بە جۆرەها ئۆتۆمبیلی مۆدێل بەرز "روویەکی تری ئەو گەشە ئابورییەیە کە کوردستان بەخۆیەوە دیوە".

بەپێی ئەو ئامارانەی کە سەرچاوە ئابورییە نێودەڵەتییەکانی جیهان لە پێگە ئەکترۆنییەکاندا بڵاویانکردۆتەوە داهاتی تاک لە هەرێمی کودرستان لە ساڵی ٢٠٠٨ دا ٥٥٠٠ دۆلارە، ئەمەش بە بەراورد بەداهاتی تاک لە هەمان ساڵداو لە شارەکانی تری عێراق بەرزترە، کە بریتیبووە لە ٣١٠٠ دۆلار.

> **بەرزکردنەوەی باڵەخانەو زۆربوونی سۆپەرمارکێتەکان لە کوردستاندا، نابنە بناغەی ئابورییەکی بەهێز**

بەبڕوای زۆرێک لە پسپۆرانی ئابوریی، بوونی ئەو ئامارانەو پێشکەوتنی گوزەرانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، سەلمێنەری گەشەی ئابوریی هەرێمەکەیە، بەتایبەت لە کاتێکدا کە ئابووریی زۆرێک لەوڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان تووشی تەنگەژەیەکی گەورە بوەتەوە، لەهەمان کاتدا شارەزایانی بواری ئابوریی، پێیانوایە ئەو بەروپێشچوونە ئابورییە، سەرجەم کایەکانی ژیانی هاوڵاتیانی هەرێمەکەی نەگرتۆتەوە.

بەبۆچونی د.نیاز نەجمەدین، خوێندکاری دکتۆرا لە بەریتانیا ئەو گەشەکردنە لە "ئاستی پێویستو داخوازییەکانی خەڵکدا نییە"، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەرهەمی ئەو گەشەکردنە وەک یەک بەسەر هەموو هاوڵاتییاندا دابەشنەبووە، وتی "کەمینەیەکی خەڵک لەزۆربەی هاوڵاتییان زیاتری دەسکەوتووە".

د.نیاز ئاماژەی بەوەدا کە بەرزکردنەوەی باڵەخانەو زۆربوونی سۆپەرمارکێتەکان، روخساری ئەو گەشەکردنەن، بەڵام "بەتەنها ئەم دوو حاڵەتە نابنە بناغەی ئابورییەکی بەهێز". هەربۆیە، د.نیاز گەشبین نییە بە بەرەوپێشچونی ئەم گەشەکردنە. بۆ چارەسەریی ئەو گرفتانەش پێشنیاز دەکات حکومەت بودجەیەکی باشتر بۆ کەرتەکانی پەروەردەو تەندروستیو کشتوکاڵ تەرخان بکات، کە بەبڕوای ئەو بایەخنەدان بەو بوارانە لە داهاتودا ئابوریی هەرێمەکە توشی تەنگەژە دەکات.

د. نیاز رایوایە، چەند هۆکارێک لەپشت گەشەکردنی ئابووریی کوردستانەوە هەن، ئەوانیش بریتین لە: جێگیریی هەلومەرجی سیاسی، خستنەگەڕی سیاسەتێکی دارایی باش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوەو بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا، کە بووەتە هۆی زیادبوونی داهاتی نەتەوەیی.

بەپێی ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنانیش، زۆرترین پرۆژەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە بوارەکانی پیشەسازییو بازرگانیو نیشتەجێبوندا بووە، بە جۆرێک لەکۆی ٥٦ پرۆژەی مۆڵەتپێدراو ١٦یان بۆ بازرگانیو ١٥یان بۆ پیشەسازیو ١٢یان بۆ نیشتەجێبون بووە. کەمترین پرۆژەکانیش لەکەرتەکانی بانکو کشتوکاڵو فێرکردنو خزمەتگوزاریدابوو، هەریەکەو تەنها پرۆژەیەکیان بووە.

ئەوەی لە ئێستادا بەدیدەکرێو لەهەمان کاتدا پسپۆڕانی ئابورییش جەختی لەسەردەکەنەوە گەشەکردنەکەی ئابوریی کوردستان زیاتر لە بواری بیناسازیدا رەنگی داوەتەوە، هەروەک د.خالید حەیدەر، مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی هێمای بۆکرد "گەشەکردنی کوردستان زیاتر لەبواری بیناسازیدا بووە". لەگەڵ ئەوەشدا د.خالید رەخنەی ئەوەی گرت، کە ئەو گەشەکردنەی ئابوریی کوردستان، نەبووەتە هۆی زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆیی.

سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی کوردستان، کە دەکاتە ١٧٪ی کۆی داهاتی عێراق، لەنەوتی هەناردەکراوی عێراقەوە دابیندەکرێت. بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێم، بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ هەرێمی کوردستان "هەشت ترلیۆن دینارە".

هاوکاتو لەسەرەتای مانگی شەشی ئەم ساڵەوەو لەمەراسیمی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرەو تورکیا، سەرۆکی حکومەتی هەرێم نێچیرڤان بارزانی، وتی "لە ئەمڕۆوە هەرێمی کوردستان سەدان ملیۆن دۆلار بەدەستدەهێنێت". بەڵام بەپێی دەستوری عێراق، داهاتی نەوتی کوردستان دەچێتەوە خەزێنەی حکومەتی عێراقی.

سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی هەرێمی کوردستان، ئەو ١٧٪ داهاتی فرۆشتنی نەوتی حکومەتی عێراقەیە کە بەپێی رێکەوتنێک لە ئێستادا دەدرێتە هەر سێ شارەکەی هەرێم، پشتبەستن بە تەنها سەرچاوەیەکی وەکو نەوت، بە رای پسپۆرانی ئابوریی، نەک هەر کارێکی تەندروست نییە، بەڵکو مەترسیداریشە. هەروەک د.خالید حەیدەر وتی "ناکرێت بۆ ئابوریی وڵاتێک، بەتەنها پشت بەکەرتی نەوت ببەستین، چونکە نەوت قابیلی تەواو بوونە".



**دیمەنێک لەشاری سلێمانی**

**فۆتۆ: سۆران ساڵح**

لەباسو خواسی ئابوریی کوردستاندا، بازرگانەکانیش بۆچوونی خۆیان هەیە، زۆرێک لە بازرگانن هاوڕان لەسەر ئەوەی گەشەکردنی ئابورییو بەرزبوونەوەی ئاستی وەبەرهێنان لە کوردستاندا، لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە زیاتر بووە.

نەورۆز خەفاف کە بازرگانێکی دیاری شاری سلێمانییەو ماوەی ٢٤ ساڵە بەڵێندەرەو لە ئێستاشدا لەبوارەکانی نیشتەجێکردنو بازرگانیو وەبەرهێنان کاردەکات، دەڵێت "گەشەکردنەکە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣و روخانی رژێمی بەعسەوە زۆر زیاتر بووە، بە جۆرێک کوردستانی لەگوندێکی کاولەوە هێناوەتە سەر خەونی بەدوبەی بوون".

خەفاف، کەمئەزمونییو بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا، بەگرفتی سەرەکی بەردەم کاری بازرگانو وەبەرهێنەران، دادەنێت. بەڵام مەلا یاسین خاوەنی گروپی کۆمپانیای بەڕێز، رایوایە نەبوونی دڵنیاییو گرەنتی (تئمیناتو زەمانەت)و سیستەمێکی بانکیی پێشکەوتوو، لەمپەری سەرەکی بەردەم کاری وەبەرهێنانن لەکوردستاندا.

مەلا یاسین خۆشحاڵە بەوەی سەرەتای کارکردنیان بەتنها یەک کۆمپانیا هەبووە، بەڵام ئێستا بوونەتە چەند کۆمپانیایەکو لە گروپێکدا کار دەکەنو زیاترینی کارەکانیشیان لە بواری وەبەرهێنانی خانوبەرەدایە، خاوەنی گروپی کۆمپانیای بەڕێز، بوونی یاسای ژمارەی چواری پارلەمانی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٦ کە تایبەتە بەئەرکو مافەکانی وەبەرهێنەران، بەهاندەرێکی باش بۆ پێشکەوتنو گەشەکردنی وەبەرهێنان لەکوردستان دەزانێت، دەڵێت "ئەو یاسایە، بەبەراورد بەیاسای وەبەرهێنەرانی وڵاتانی دراوسێ پێشکەوتوترە، چونکە مافی موڵکدارێتی دەداتە کۆمپانیا بیانییەکان".